**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر**

**کۆلێژی ئاداب**

**بەشی راگەیاندن**

# کارگێری دەزگاکانی راگەیاندن

## قۆناغی چوارەم / بەشی ڕاگەیاندن/ ئێواران

**مامۆستای بابەت**

**د. شیلان یاسین**

**ساڵی خوێندن- 2023- 2024**

| | تەوەرەکانی بابەتی ( کارگێری دەزگاکانی راگەیاندن ) | ژ |
|---|---|---|
| | باسی یەکەم: سیستەمی کارگێڕی لە دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا | |
| | چەمک و پێناسەی کارگێڕی و سیستەمی کارگێڕی و گرنگی کارگێری.<br>**کورتە باسێکی مێژووی کارگێری** | 1 |
| | ڕەگەزەکانی سیستەمی کارگێڕی لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکاندا | 2 |
| | وەزیفەکانی بەڕێوەبردن | 3 |
| | ئەرکەکانی ڕێکخراو | 4 |
| | جۆرەکانی سیستەمی کارگێڕیی و پێگەی دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان تیایدا | 5 |
| | جۆرەکانی ستایلی بەڕێوەبەر | 6 |
| | باسی دووەم: کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | |
| | سروشتی کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | 1 |
| | پێکهاتەی کارگێڕی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | 2 |
| | پێکهاتەی ڕێکخستنی کارگێڕی ڕاگەیاندن | 3 |
| | سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | 4 |
| | سیستەمی ڕاگەیاندنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | 5 |
| | بنەما نوێیەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن | 6 |
| | ڕەهەندەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن | 7 |

## سەرچاوەکان


**سەرچاوە کوردیەکان:**

–– ئەمیر نامق عەبدوڵلا، رادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، سلێمانی،٢٠٠٥، مەکتەبی بیر و هوشیاری(ی.ن.ک).

– دڵشاد مستەفا، پەیوەندی نێوان سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران، ماستەر نامە، بەشی ڕاگەیاندنی کۆلیژی ئاداب– زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی 2015.

– **ڕەنجدەر خالد گراوی، سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت ، هەولێر، 2014.**

– د.سەپان، مێژووی تەلەفزیۆن و کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس، هەولێر، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٩،

– د.عماد محمد حسێن پلاندانان و پلاندانانی ڕاگەیاندن، دلاوەر عوسمان ساڵح، سلێمانی، چاپخانەی کاربین، 2005.

– **فرمێسك خدر رەشید, رۆڵی پلاندانان لەسەرکەوتنی دەزگاکانی راگەیاندن دا، کەرکوك، چاپخانەی کارۆ، 2005.**

– وەسفی حەسەن ردێنی، رادیۆ و تەلەفزیۆنێن کوردی ١٩٣٩-٢٠٠٣ . دهۆک، ٢٠١١چاپخانا هاوار.

- **روانگە جیاوازەکان لەبەرێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی دا, کاروان عەبدوڵلا هەورامی، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە (35-36) بەهاری 2016.**

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

– – احمد على محمد زيدان، اتجاهات التغطية الاخبارية لجريدة نيويورك تايمز قبل الحرب الامريكية على العراق من 2002 الى 2003، رسالة ماجستير، جامعة شرق الاوسط للدراسات العليا، كلية العلوم، 2010.

– اللفيروز ايادي، قاموس المحيط، الطبعة الثانية، مؤسسة الرسالة، بيروت، 1987،

– أمال ادريس، التغطية الإعلامية لحرب الخليج الثالثة قناة المنار نموذجا ،رسالة ماجستير في علوم الإعلام والاتصال، تخصص وسائل الإعلام والمجتمع، جامعة الجزائر، 2010. – ايات الحاج امينة ،

– بوعشـــية، نبيل و هشـــام، بن قبلية، التخطيط الاخبارية ودورها في تكرين مفهوم الاعلامي، مذكرة التخرج، جامعة عبدالمحميد بن باديس، قسم العلوم الاعلام والاتصال، 2014.

- اسماعيل زاير، تنظيم المؤسسات الاعلامية الحديثة, الصباح الجديد، 2009.

**1- چەمک و پێناسەی کارگێڕی و سیستەمی کارگێڕی و گرنگی کارگێڕی.**

__**چەمکی کارگێڕی:**__ بەوە پێناسـەـــە کراوە : کارگێڕی هونەرێکە بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکان لە رێگەی هێزی کرێکاریی مرۆییەوە لە رێکخراوێکدا، بە مەبەســـتی گەیشـــتن بە ئامانجی داوا کراو لەلایەن رێکخراوەکەوە.

__**چەمکی سـیسـتەمی کارگێڕی:**__ بەوە پێناسـە کراوە : "سـیسـتەم ئاماژە بۆ ئەو پەیکەرە دەکات، کە کۆمەڵێک شت یاخود بەشی یەکگرتوو و تەواوکەری لە خۆ دەگرێت، کە ئاراستەکراوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجێکی هاوبەش

پێشـەنگی زانای زانسـتی کارگێڕی (__**فریدریک تایلۆر**__) __**Fredrick Taylor**__ کارگێڕی بەوە پێناسـە دەکات: "ئەو زانینە وردەیە، کە لە مرۆڤ داوادەکرێت ئەنجامی بدەن، پاشــــان جەختکردنەوەو دڵنیابوون لەوەی بە باشترین رێگەو هەرزانترینیان جێبەجێی بکەن".

## گرنگی کارگێڕی:

1- کارگێڕی ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاراســـتەکردنی توانای کۆمەڵەکان دەبینێت، ئەو گرنگییەش بە زیادبوونی پشتبەستنی کۆمەڵگە بە توانای کۆمەڵەکان زیاتر دەبێت و زیاتریش ئەو توانایانە دەچنە ناو پەیوەندییەکانیان و سروشتیشیان ئاڵۆزتر دەکات.

2- بە سـەرنجدانێکی خێرا بە پێناسـەکانی کارگێڕیدا، جەخت لە سـەر بایەخی گەورەی ئەو زانستە دەکاتەوە، ئەو هونەرەیە، کە هـەوڵی خۆشـــگوزەرانیی کۆمەڵ دەدات و خزمەتی ئامانجەکانی پرۆژەکان دەکات.

3- هەر لەو سـۆنگەیەوە کارگێڕی بووە پێویسـتییەک بۆ تاک لە پێویسـتبوونی بە چاودێریکردنی کاروباری خێزانەکەی و پێویسـتیی دامەزراوەکەی بۆ ڕێکخسـتن و ئەنجامدانی پێداویسـتییەکان لە سەرمایە.

4- تەنانەت کارگێڕی بۆ تاکەکان و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگاکان و بۆ گەشـــەپێدانیش گرنگە و ڕەنگدانەوەی شـــوێنەوارەکانی کارکردنێکی ڕێکوپێک لە ســـەر ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگەکان، کە ڕێکخراوەکان لە ڕێگەیەوە کاری پێدەکەن و دەبێتە هۆی پێشکەوتن و باڵاکردنیان.

5- کارگێڕی گرنگی زۆری هەیە بۆ دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەکو دانانی پلانێکی ستراتیژی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دیاریکردنی گرنگترین ئەو ئامانجانەی، کە پێویســـتە جێبەجێ بکرێن و ڕێکخستنی کارو ئەرک و چالاکی سەرجەم بەشەکان و کارمەندان و ڕێکخستنی زانستی پەیکەری دام و دەزگاکان. هەروەها ئاراستەکردنی چۆنیەتی کارکردنی سـەرجەم بەشـەکان و جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاوی ئەرکەکان. یاخود چاودێری کردنی وردی دامەزراوەکان و هەوڵدانی بەردەوام بۆ بەرەو پێشبردنی دام و دەزگاکان و دەرکردنی بڕیاری گونجاو لە کات و شوێنی گونجاو.

## 2- ڕەگەزەکانی سیستەمی کارگێڕی لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکاندا

**سیستەمی کارگێڕی لە بنەڕەتدا لە چەندین ڕەگەز پێکدێت کە بریتین لە:**

1. فەلسەفەی سیستەم
2. پەیکەری سیستەم
3. سیستەم و بنەماکان
4. ڕێووشوێن و کردارەکان
5. تاکەکان (کەسەکان)
6. ئاستی تەکنەلۆژیایی سیستەم

### 1– فەلسەفەی سیستەم

ئاماژەیە بۆ کۆمەڵە چەمک و بیروبۆچوون و باوەڕێکی بنەڕەتی و سەرەکی کە بڕیار لەسەر تێکڕای سیستەمی کارگێڕی دەدات و ڕەوت و ئاراستەی کارکردنی کارگێڕیی دیاری دەکات. هەر سیستەمێک لە سێ ڕەگەزی بنەڕەتی پێکدێت، کە بریتین لە:

أ. دەرامەتەکان
ب. کردارەکان
ج. دەرهاویشتەکان

هەر سیستەمێکیش کۆمەڵێک سیستەمی لاوەکی دیکەی هەیە، کە لە ڕێووشوێنەکان پێکدێن، ئەوانیش بۆ ئاراستەکردن و ڕێنمایی کارمەندان و بەڕێوەبەران لە کاتی کاکردن بۆ بەخشینی توانای خواستراو لەکارکردندا، واتە کار بۆ کرداری ڕێنماییکردنی تواناکان دەکەن.

### 2– پەیکەری سیستەم

پەیکەری سیستەم ئاماژەیە بۆ بونیادی ڕێکخستنی گشتی و شێوازی دابەشکردنی کەرتییانە و ئاستی دابەشکردنی ستوونییانە، لەم ڕوانگەیەوە دکتۆر محمد سید محمد ئاماژە بەوە دەکات، کە پەیکەری ڕێکخستنی دەزگایەکی ڕۆژنامەنووسی، بریتییە لە قەوارەیەکی تەواو، کە لە بەش و ڕەگەزە تێکچڕژاوەکان پێکهاتووەو پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی لە نێوانیاندا هەیە، بە مەبەستی

ســـــەرکەوتنی چالاکی و ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی، کە لە کۆتایی بەرهەمی دامەزراوەکەو کارو ئامانجەکەی دێتەدی.

**3- سیستەم و بنەماکان**

ئەم کەرتەیان ئاماژە بە کۆمەڵێک یاســـــاو لیســـــت (لائحە)و ڕێنمایی دەکات، کە لە بنەڕەتدا بۆ هەڵبژاردن‌و باشـــێتی وەردەگیرێت، لەکاتی وەرگرتنی بڕیارەکاندا، ئەو یاســـــاو لیســـــتانەش، ئەو پێوەرانەن، کە کارگێڕی لە بواری کارگێڕی ڕۆژنامەکەدا دەیگرێتەبەر.

**4- ڕێووشوێنەکان و کردارەکان**

ڕەگەزی ڕێوشوێنەکان و کردارەکان لە بواری سیستەمی کارگێڕیی ڕاگەیاندن بایەخێکی تایبەتی هەیە، بە جۆرێک، کە شێوازی گشتیی توانای سیستەم بە پێی چالاکیی ڕێووشوێنەکان و سادەییان دیاری دەکرێن و لەگەڵ تێچووەکەیان لە رووی کات و توانای مرۆیی و دارایی و قازانجەوە گونجاو بێت.

**5- تاکەکان**

لە بەر ڕۆشـــــنایی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان، هێزە مرۆییەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ســــــایەی تەکنەلۆژیادا ڕۆڵی نوێ دەگێڕن، چونکە ئامرازو ئامێری داهێنراوی نوێ بەکاردەهێنرێن، بەمەش رایەڵە و پەیوەندیکردنیان بەیەکەوە زیاتر دەبێت و بەرکەوتنیان بۆ زانیارییەکانیش زۆرتر دەبێت، پاشان ڕاهێنان و مەشق پێکردنیان و ئامادەکردنی کادیری مرۆیی لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بایەخی تایبەتی دەبێت بۆ بەدەســــــتهێنانی کارامەیی پێویســـــت لە لایەن تاکەکانەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیای زانیارییەکان.

**6- ئاستی تەکنەلۆژیایی سیستەم**

مەبەست لە ئاستی تەکنەلۆژیی سیستەمی کارگێڕی لە دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکاندا، بریتییە لە پلەی بەکارهێنانی شــێوازو ڕێگەی کارگێڕیی زانســـتیی هاوچەرخی وەکو شــێوازی هاوســـەنگیی نەخشـــــەکێشـــــان و شـــــێوازی توێژینەوەی بازاڕکاری و هەڵبژاردنی زانســـــتییانەی تاکەکان و نەخشەکاریی هێزەکانی کار و شێوازە پەرەسەندووەکانی دیکە.

## 3- **وەزیفەکانی بەڕێوەبردن:**

**1- پلاندانان**

پلاندانان، بەوپێیەی کارێکی مرۆڤایەتییە و پەیوەستە بە هەوڵی کێشانی ڕێگای ئایندەو لە ژیانی گشتی و ژیانی تایبەتیشدا هەیە لە ڕێکخراوەکانی کارکردن و لە ڕێکخراوە گشتییەکان وەکو یەکە، چونکە یەکێک لە لایەنەکانی نەخشەدانان، پێشبینیکردن و تێچوون و دەستکەوتە.

## 2- ڕێکخستن

ڕێکخستن بە یەکێک لەو کارانەی بەڕێوەبردن دەژمێردرێت، کە بە تاکی کارکەرەوە پەیوەستە، ڕێکخستنی کارگێڕی، کردارێکی زیندوو و چالاکە لە ڕێکخراوە کارگێڕییەکاندا.

## 3- چاودێری

چاودێری گەوهەرو کرۆکی کرداری کارگێڕییە، بۆیەش هەموو پرۆژەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە نەخشەسازییەکان جێبەجێ کراون و ئەنجامە خواستراوەکانیش هاتوونەتەدی پێویستیان پێیەتی.

## 4- ئاراستە کردن

(ئاراستە کردن) بە یەکێ لە وەزیفە سەرەکییەکان و زەحمەتەکانی بەڕێوەبەر دادەنرێ، چونکە کۆمەڵێ پێداویستی و سیماو خەسڵەتی تایبەتی سەرکردایەتی لە خۆ دەگرێ. هەر بۆیەش (ئاراستە) وەزیفەی چوارەمی کارگێڕییە دوای ئەرکی وێنەکێشان و دەستنیشانکردن و پێناسەکردنی مەبەست و ئامانجی چالاکیی ڕێکخراوی هەردوو ئەرکی نەخشەدانان و ڕێکخستن.

## 5- کارگێڕی کات

گرنگی (کارگێڕیی کات) لە خودی بایەخی کاتەوە هەنگاو هەڵدەهێنێت، لە بەر ئەوەی یەکێکە لەو دەرامەتە بنەڕەتییانەی، کە پێویستە وەبەربهێنرێت و بە باشترین شێوەو ڕێگا سوودی لێوەربگیرێت.

## 6- کارگێڕی داهێنان

بایەخی داهێنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامرازێکە بۆ پەرەسەندن و نوێبوونەوەو داهێنانی ڕێگاو چارەسەری نوێی گرفتەکان بە شێوەیەکی داهێنەرانەو دابینکردنی کات و توانا و تێچوون، دەرئەنجامی داهێنانیش دەربڕی ئەو شارستانییەتەیە، کە مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە، چونکە ئەگەر داهێنان و داهێنکاری نەبێت، ئەوا ژیان بە شێوە سەرەتایەکەی دەمێنێتەوە.

## 4. ئەرکەکانی ڕێکخراو:

### 1- کارگێڕی بەرهەمهێنان

بەرهەمهێنان ئەرکێکی بنەڕەتی دەزگاکانە وەک (ئەرکێکی دارایی، بە بازارگەری، بەڕێوەبردنی تاکەکان). چونکە (بەرهەمهێنان) بە گرنگترین وەزیفەی ڕێکخراو دادەندرێت و وەزیفەی ناوەندی لە ڕێکخراودا پێک دەهێنێت، چونکە ڕاستەوخۆ بایەخ دەدات، بە دیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە، چونکە بەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان پاساوی بونیادنانی هەر ڕێکخراو/ پرۆژەیەکە.

ئەو ڕۆڵەی لە ئێستادا کۆمپیوتەر لە بواری بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانیدا دەیگێڕێت لە بەرچاوە، چونکە دەکرێ بوترێت، کە لە زۆربەی قۆناغەکانیدا چۆتە ناو کرداری بەرهەمهێنانەوە.

هەر بۆیەش لە نێو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەواڵسازو نووسەرەکان لە بنەڕەتدا پشت بە ئامادەکردنی بابەتەکانی نووسین بۆ سەر شاشەکان دەبەستێت، کە لە قۆناغەکانی ئامادەکردنی بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕێگای کاغەزو بڕین و پێوەلکاندنیان لە قۆناغی مۆنتاژکردن لە ناو هۆڵی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەنووسیدا بگرێتەوە. وەکو زانراویشە، کە بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی بەرهەمی کارێکی تاکە کەسی نییە، بەڵکو کارێکی بە کۆمەڵە و تیپێکی تەواوی بەرهەمهێنان لە خۆدەگرێت، کە پێویستیی بە زانینی هەر ئەندامێک هەیە بە کارەکەی خۆی، کە ئەوەش خۆی لە زانینی باشی کردارەکان و ئامێرەکانی بەرهەمهێناندا دەبینێتەوە.

### 2- کارگێڕی بازارگەری

گرنگی (بازارگەری) تەنها لەسەر گەیاندنی کاڵا، یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ بەکاربەر، یان سوودمەندەکان ڕاناوەستێت، بەڵکو کارەکە زۆر لەوە زیاترە.

(کارگێڕی بازارگەریلە چالاکییە گرنگەکانی ڕێکخراوە پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکانە بە شێوەیەکی گشتی، وەکو پەنجەرەیەک وایە، کە لە میانییەوە ڕێکخراوەکە بە سەر ژینگەدا بڕوانێت.

**3– کارگێڕیی دارایی**

(کارگێڕی دارای) ی بەشێکە لە ئەرکە گشتگیرەکانی رێکخراوەکان و ئەرکەکانی دیکە لە رووی چۆنیەتی و ناوەڕۆکەکەی جیاواز نییە. ئەم ئەرکە بەندە بە کارە داراییە جیا جیاکاندا، بەرپرسیارە لە هەڵس و کەوتە داراییەکان کەوا پێویست بە وەرگرتن و گڵ دانەوەی دارایی و پیادەکردنی بازارگانیەوەو هەیە. لە بەر ئەوەش ئەو ئەرکە داراییەیە کە گرنگی بە رێکخستنی بزووتنەوەی دارایی دەدات.

**4– کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان**

لە پشت هەر ڕێکخراوێکی سەرکەوتووەوە، کارگێڕییەکی سەرکەوتووی دەرامەتە مرۆییەکان لە بەرنامەکانیدا هەیە. هەر بۆیەش گرنگی زیاتر بە درکپێکردنی بایەخ و رۆڵی کارگێڕیی سەرچاوە مرۆییەکان لە سەردەمی هاوچەرخدا دەستی پێکردو لە ئەنجامی گۆڕانکارییە خێراکانی ژینگەی دامەزراوەکاندا چەندین ڕەهەندی وەرگرت.

**5– کارگێڕی توێژینەوەو پەرەپێدان**

ئەو رێکخراوە کارە هاوچەرخانەی، کە مەبەستیانە بەردەوام بن، پێداویستیان بە هەڵستانە بە کاری "ئەفراندن یان دۆزینەوە" لە بەر چەند مەبەستێک: بۆ چارەسەر کردنی گرفتە هونەرییەکانی ڕۆژانەو، هەندێک جاریش بۆ گۆرینی تایبەتمەندییەکانی و باش کردنیان یا تەنانەت بۆ داهێنانی بەرهەم گەلێکی نوێ پێداویستیەتی .

**6– پەیوەندییە گشتیەکان**

پەیوەندیی گشتیەکان ئەرکێکی سەرەکییە لە ئەرکە کارگێڕییەکان، بۆیە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. تەنانەت بووە ئەرکێکی نوێ بۆ کارگێڕی و خرایە سەر ئەرکە کۆنەکانی دیکەی.

پەیوەندییە گشتییەکان یارمەتیی کارگێڕی دەدەن لە چارەسەرکردنی کێشەکانی و هێشتنەوەی لە سەر ئاگاداربوونو هەستیاریی راکێشانی رای گشتی بۆی، چونکە پێویستە لە سەر کارگێڕەکان، کە جەماوەری دەزگاکانیان لە سیاسەت و دەست کەوت و ئامانجە سەربەخۆکان ئاگاداربکەنەوە.

## 5- جۆرەکانی سیستەمی کارگێڕیی و پێگەی دەزگا ڕاگەیاندنەکان تیایدا

دەکرێ سیستەم کارگێڕییەکان بۆ چەندین کۆمەڵەی لەم جۆرەی خوارەوە پۆلین بکرێت:

1. سیستەمە داخراوەکان و سیستەمە کراوەکان.

2. سیستەمە دیاریکراوەکان و سیستەمە جێگیرەکان و چاوەڕوانکراوەکان.

3. سیستەمە خۆگونجێنەکان و خۆنەگونجێنەکان.

4. سیستەمە سادەو سیستەمە تێکچڕژاوەکان.

### 1– سیستەمە داخراوەکان و سیستەمە کراوەکان

**سیستەمی داخراو:** بریتیە لەو سیستەمەی، کە خۆکردانە بڕیار لەسەر کردارەکانی دەدات و هەمواریان دەکات، ئەوەش لە ئەنجامی داتا بەرهەم هاتووەکانی هەمان سیستەمەوە.

بەڵام **سیستەمی کراوە:** ئەو سیستەمەیە، کە خۆکردانە بڕیار لە سەر کردارەکانی نادرێت و هەمواریش ناکرێت، ئەمەش وا دەخوازێت، کە تاک و ژمارەیەک لە تاکەکانی دیکەش سەرپەرشتیی بکەن، بە واتای ئەوەی دەستێوەردانیان لە سیستەمەکە.

### 2– سیستەمە دیاریکراوەکان و سیستەمە جێگیرەکان و سیستەم چاوەڕوانکراوەکان

**سیستەم دیاریکراوەکان:** ئەو سیستەمانەن، کە سەرجەم پێکهاتە و ڕووداوەکانی بە وردی چاوەڕوانکراون و دەکرێ باسی سیستەمەکە و کردارەکانیو بەگەڕخستنی لە کاتی دیاریکراودا بکرێت، هەروەها دەکرێ پێشبینی هەنگاوەکانی دواتریش بکرێت کە چی ڕوودەدات.

بەڵام **سیستەم چاوەڕوانکراوەکان،** بریتین لە سیستەم گەلێک، کە ناکرێ پێشبینی کارەکانی بە وردی بکرێت، چونکە لە هەندێ سیستەمدا بە وردی توانای پێشبینیی هەموو کردارە ئایندەییەکانی سیستەمەکە لە تواناداد نییە.

سەبارەت بە **سیستەم جێگیرەکانیش**، ئەو سیستەمانەن، کە سەرجەم پەیوەندی و رایەڵەکانی بە وردی دیاریکراون، بەڵام ئەگەر هەر شڵەژانێک، یان دەستێوەردان لە ناو ئەو پەیوەندییانەدا رووبدات، ئەوا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەبێت و بە خێرایی بارودۆخەکە بۆ باری ئاسایی خۆی دەگەڕێتەوە.

**3- سیستەمە خۆگونجێن و سیستەمە خۆنەگونجوێنەکان**

**سیستەمی خۆگونجێن:** ئەوەیە، کە توانای خۆهەموارکردنەوەی، یان هەموارکردنەوەی ژینگەکەی بە شێوەیەکی خودی هەیە، ئەگەر ئەوە پێویست بکات، بەڵام **سیستەمی خۆنەگونجێن** ئەوەیان کرداری وەڵامدەرەوەی، یان کارلێکی نییە، کاتێک گۆڕانکاری لە ژینگەکەی، یان باری خۆیدا روودەدات.

**4- سیستەمی سادەو سیستەم تێکچڕژاوەکان**

**سیستەمی سادە:** ئەو سیستەمەیە، کە پێکهاتەکانی کەمن و پەیوەندییە ئاڵوگۆڕییەکانی نێوانیشیان هەر کەمن.

بەڵام **سیستەمی تێکچڕژاو**: ئەو سیستەمەیە، کە پێکهاتەکانی تا رادەیەک زۆرن و پەیوەندیی ئاڵهوگۆرشی زۆریشی هەیە، کە دەکرێ بە تەواوی دابنرێن.

**پێگەی کەناڵی ڕاگەیاندن وەکو رێکخراوێکی کارگێڕی لە جۆرەکانی سیستەم کارگێڕییەکان:**

**هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن لە چوار رەهەندی سەرەکی پێکدێت:**

1. **ئەرکەکان:** ئەو ئەرکەیە، کە دەکەوێتە ئەستۆی دەزگاکە بۆ ئەنجامدانی لە بەرهەمهێنانی کاڵایەک، یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەک بۆ هێنانەدیی ئامانجی دیاریکراو.
2. **پەیکەر:** ئەو چوارچێوەیەیە، کە ئەو چالاکی و کردارانە رێکدەخات، کە دەبنە هۆی گەیشتن بە ئامانج.
3. **تاکەکان:** دەستی کاری رێکخراوەکەن.
4. **ئامێرەکان:** ئەو دەزگاو کەلوپەل و ئەزموونە هونەرییانەن، کە لە ئەنجامدانی چالاکییەکدا لە چوارچێوەی هێنانەدیی ئامانجی دەزگاکە بەکاردەهێنرێن.

## 6- جۆرەکانی ستایلی بەڕێوەبەر:

### 1– سیستەمی ناوەندی

لە سیستەمی ناوەندیدا، بەڕێوەبەری کارگێڕی دەبێتە چاودێر بەسەر هەموو کارەکان‌و سەرجەم کارگێڕییەکانی دیکەی لە هەر گەورەو بچووکێک دەگەڕێتەوە بۆی، ژمێریاری‌و گەنجینەو سکرتاریەت ئاراستە دەکات، کەواتە ئەو دەسەڵاتێکی فراوان بۆ بەڕێوەبەری گشتی و دەسەڵاتی بەرتەسک بۆ بەڕێوەبەر کارگێڕییەکان لە خۆدەگرێت، لە توانایشیدا هەیە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەڕێوەبەری کارگێڕی هەموو کارێک واژۆ بکات، یان بڕیارێک هەڵبوەشێنێتەوە، کە بەڕێوەبەری کارگێڕی دەری کردبێت.

### 2– سیستەمی ناناوەندی

لە سیستەمی نامەرکەزیدا، بەڕێوەبەری گشتی دەسەڵاتی فراوانی هەیە، بەڵام دەسەڵاتی بەرتەسکی نییە، بە واتای ئەوەی، کە هەر بەڕێوەبەرێکی کارگێڕی دەسەڵاتی لە سنووی دیاریکراودا هەیە و بە بێ گەڕانەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی ئەنجامی دەدات، بەڵام تەنها لە پرسە دەرەکییەکانی دەرەوەی سنووری دەسەڵاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆی.

### 3– سیستەمی ئەرکداری

بەڵام لە سیستەمی سێیەم (ئەرکداری)، چونکە بەڕێوەبەری گشتی پەنادەباتە بەر دەستەیەک لە راوێژکاران و هونەرییەکانەوە (وەکو راوێژکاری یاسای و راوێژکاری ژمێریاری‌و راوێژکاری ئەندازیاری)، کە پرسە هونەرییەکان بۆ توێژینەوەو گفتوگۆ لە سەریان ئاراستەی ئەوان دەکرێت، پێش ئەوەی پێشکەشی بەڕێوەبەری گشتی بکرێت.

ئەم سیستەمیەش زۆر پێویستە، بە تایبەتی لە سیستەمی ناوەندیدا، لە بەر ئەوەی کاتی تەواو نییە لای بەڕێوەبەری گشتی بۆ گەڕان بە دوای هەموو پرسەکان لە لایەن خۆیەوە، چونکە دەبێ راوێژکارێکی هونەری یاداشتێکی تەواو لەسەر پرسەکە ئامادە بکات، پێش ئەوەی بخرێتە بەردەم بەڕێوەبەری گشتی.

# باسی دووەم: کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

## یەکەم. سروشتی کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن:

کارگێڕی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن تایبەتمەندی و لایەنی باشی هەیە و گرێدراوی سروشتیی ئەو جۆرە دامەزراوانەیە، لەگەڵ بوونی زۆرێک لەو چالاکییانەی، کە ئەو دامەزراوە ڕاگەیاندنانە و دامەزراوە ڕاگەیاندنەکانی دیکەش بەشداریی تێدا دەکەن، وەکو چالاکی پەرەپێدان و بازاڕکاری و بەرهەمهێنان، هەروەها سروشتێکی تایبەتیشی هەیە، کە پەیوەستە بە لایەنەکانی نووسین و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ڕاگەیاندنانە. سروشتی کارگێڕیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەکان لە سروشتی تایبەتی کارگێڕیی ئەو دامەزراوانەوە هەڵقوڵاوە، کە لە کارگێڕیی کۆمپانیاو کارخانەکانی دیکە جیاوازن، ئەوەش لە چەندین لاوە بەمجۆرەی خوارەوە:

1. سروشتی بابەتە بەرهەمهێنراوەکان (پەیامی ڕاگەیاندن) خاوەن سروشتێکی جیاوازو تایبەتمەند و کاریگەر و جۆراوجۆرە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ و کۆمەڵگا، ئەمەش وا دەکات، کە کاریگەریی ژینگە لە سەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بایەخی تایبەتی هەبێت.

2. سروشتی بابەتەکانی ڕاگەیاندن، لە ڕووی کاتەوە لەگەڵ کاروانی ڕووداوەکان و خێرایی ڕووماڵکردنەکەی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا ڕێدەکات، ئەمەش کاریگەریی لە سەر سروشتی کاری کارگێڕی و بەخێرایی وەرگرتنی بڕیار لە دامەزراوەکەدا دەبێت.

3. یاساکانی خۆپاراستن کە کۆمەڵگاکان و کەناڵە باڵادەست و بەرژەفتکارەکان بۆ سەر پیشەی ڕاگەیاندن دایدەڕێژن لە ڕووی شێوازەکانییەوە جۆراوجۆرن، ئەمەش وا لە کارگێڕیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەکات، کە پێویستیی زیاتری بە سەرنج و تێڕامانی کرداری کارگێڕی هەیە.

4. کارگێڕی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، پێویستیی بە وشیاریی تەواوی بایەخدان بە مرۆڤ و ئامێر و کات و شوێن هەیە لە چوارچێوەی نەخشەدانان و جێبەجێکردندا، کە هەموویان پێکەوە باشترین کار و چالاکی لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکان دەستەبەردەکات.

5. "ململانێ لە ناو دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا تەنها گرێدراوی شێوازی خستنەڕووی پەیامی ڕاگەیاندن نییە وەکو بابەتێک، بەڵکو گرێدراوی ناوەڕۆکی ئەو پەیامە ڕاگەیاندنەشە، کە پێشکەشی دەکات، جگە لە وەش ململانێ بەدەستهێنانی باشترین تواناو لێهاتوویی لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، کە دەتوانێ باشترین پەیامی ڕاگەیاندن پێشکەشی جەماوەر بکات بە شێوەو

ناوەڕۆکەوە. ئەمەش بە زۆری وا لە کارگێڕی دەخوازێت، کە دڵسۆزانە ئاگاداری کرێکارەکانیان بن، ئەوانەی کە خاوەن توانا و ئەزموونی دەگمەنن".

6. سروشتی کاری ڕاگەیاندن، کاری تەواو و بێ کەموکووڕین، هەر تاکێک تیایدا ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێت هەرچەندە پێگەی ئەرکداریشی کەم و نزمیش بێت، پاشان ئەم دەرککردنە بە گرنگیی تاکەکان، پێویستیی بە درکپێکردنێکی گشتگیرتر لە سروشتی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵەکانی کارو ڕەفتارەکانیان و شێوزاەکانی پەیوەندیکردنیان و شێوازی سەرکردایەتی کردن تیایدا.

7. سروشتی بەرهەمهێنەری ڕاگەیاندن، پێویستیی بە نەرمونیانیی کارگێڕی دەزگا ڕاگەیاندنەکە و سڕنەبوون و توانای لە سەر خۆگونجاندنی لەگەڵ هەڵوێستە جیاوازەکان هەیە بەسەرکەوتوویی.

8. بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتیی زۆر گەورەیە: دەزگای ڕاگەیاندن، دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە بە پلەی یەکەم، بۆیە بەرپرسیارە لە دروستکردنی وشیاری و بیرو هزر لە کۆمەڵگادا، ئەو کارەی کە وای لێ دەکات بایەخێکی گەورە بەو بەرهەمانە بدات، کە پێشکەشی جەماوەری دەکات لە رووی پێشینەو ئەو رەهەندە جیاوازانەی کە لە خۆی دەگرێت.

**دووەم . پێکهاتەی کارگێڕی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن:**

ڕێکخستنی ناوخۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بە سروشتی خۆیانەوەو بە پێی بایەخی ئەو هۆیانە جیاوازە. ناوەندەکانی ڕاگەیاندنە گەورەکان بریتین لە کارخانەی ڕاستەقینە، کارگێڕییەکەی بەڕێوەبەری گشتی، یان ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕیی ڕاسپێردراو سەرپەرشتیی سەرجەم شوێنەکان دەکات لە نووسین و کارگێڕی و فرۆشتتن و چاپکردن و جاڕدان، لە سەرووی نووسینیشەوە، سەرنووسەر هەیە و ژمارەیەک لە سەرۆکی بەشەکان یارمەتیی دەدەن، ئەرکەکەیشی بەڕێوەبردنی نووسینە، بەڵام ئەم سیستەمە تەنها لە سەر ئەو ئامرازە گەورانە پیادە دەکرێت، کە بە فراوانی بڵاودەبنەوە، کەچی لەو ئامرازانەی کە بایەخپێدانیان مامناوەندین، ئەوە بەڕێوەبەر، یان سەرنووسەر سەرپەرشتیی کارگێڕیی دامەزراوەکە دەکات لەگەڵ بەڕێوەبەرێکی پەیوەست بە لایەنی بازرگانی.

پەیکەری ڕێکخستنی دەزگاکانی ڕۆژنامەوانی دابەشدەکرێت بۆ کۆمەڵێک لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەوانی و بەڕێوەبەرایەتی یارمەتیدەرەکان و بەڕێوەبەرایەتییە لاوەکییەکان و ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

1 . بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەوانییەکان ئەمانە دەگرێتە خۆی:

**أ.** کارگێڕی نووسین

**ب.** کارگێڕی ریکلامەکان

ج. کارگێڕی چاپەکان

د. کارگێڕی دابەشکردن.

2. بەڕێوەبەرایەتیە یارمەتیدەرەکان ئەمانە لە خۆ دەگرێت:).

أ. کارگێڕی کاری کارگێڕی

ب. کارگێڕی دارایی

ج. کارگێڕی کۆگاو کڕینەکان

د. کارگێڕی سەرژمێری و بەدواداچوون

هـ کارگێڕی کاری کارکەران

3. بەڕێوەبەرایەتییە لاوەکییەکان و جۆراو جۆر دەبێت بە گوێرەی بارودۆخی دامەزراوەکەو قەبارەی و بە زۆری ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە لە خۆ دەگرێت:

أ. کارگێڕی کۆمپیوتەر و ڕێکخستنی زانیارییەکان
ب. کارگێڕی ئەرشیف و میکروفیم و پەسەندکردن
ج. کارگێڕی چاپی بازرگانی
د. کارگێڕی پەرتووک و دەرکردە زیادەکییەکان.

## چوارچێوە باڵاکان لە دەزگا ڕاگەیاندنەکەدا دەکرێ بەمانە رووبەڕووی ئەرکەکانیان ببینەوە:

### 1. بەرپرسیارێتی سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن:

هەر دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن ئەنجومەنی کارگێڕی خۆی هەیە و سەرپەرشتیی کارەکانی و دانانی سیاسەتەکەی و بەڕێوەبردنی کاروبار و چالاکییەکانی دەکات، سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:

1. دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی هەموو چالاکییەکانی دامەزراوە رۆژنامەنووسییەکە دەکات.
2. مافی ئەوەی هەیە دانوستان لەگەڵ هەر کەسێکەوە بکات بە ناوی دامەزراوەکە و مافی ئەوەیشی هەیە، کە هەر کەسێک وەکو بریکار لە شوێنی خۆی دابنێت بۆ بەرزکردنەوەی سکاڵاو ئامادەبوونی لە بەردەم لایەنەکانی دادگا، یان هەر لایەنێکیتر.
3. تایبەتمەندە بە کاروبارە بە پەلەکان، کە لە لایەن ئەنجومەنی نووسین (دەستەی نووسەران)ەوە دەخرێتە بەردەمی، هەروەها هەموو بڕیارێک دەردەکات و ڕێکدەخات، کە پێیوابێت پێویستن بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان، بە مەرجێک کە لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کارگێڕیدا بیانخاتەڕوو.
4. مافی ئەوەی هەیە هەر راوێژکارێک بۆ هاوکاریکردنی خۆی دابمەزرێنێت، بە مەرجێک ئەو کارانە دیاری بکات، کە بیخاتە بەردەمیان بۆ دەربڕینی را لە سەریان.
5. سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی مافی ئەوەی هەیە، کە بانگهێشتی هەر کەسێک بکات بۆ سوودوەرگرتن لە زانیارییەکانی، یان هەڵیان بژێرێت بێ ئەوەی دەنگی ئەژمارکراویان لە دەستاودەستکردنی کارەکان هەبێت.

6. گەیاندنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی بۆ سەرچاوەی سەرپەرشتیاری باڵاتر، کە دامەزراوەکە پێیەوە پەیوەستە.

7. مافی داواکردنی لە دەستەی نووسەران هەیە لە دەرکردنی هەر چاپکراوێک لە دامەزراوەکەوە، هەرکاتێک ئەوەی بە پێویست زانی، هەروەها تۆمارکردنی هەر پرسێک لە خشتەی ئەو کاروبارانەی دەچنە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانییەوە.

8. سەرپەرشتیی ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانەی چالاکییەکانی دامەزراوەکە و کاروبارەکانی و کارو چالاکییەکانی یەکەکانی سەر بە ئەنجومەنەکەی دەکات، لەگەڵ دیاریکردنی بودجەی گشتی و دەرخستنی خەرجییە داراییەکان و راپۆرتە کارگێڕییەکانی دیکە، کە سەرچاوە کارگێڕی، یان داراییە باڵاکان داوایان دەکەن.

9. کارگێڕیی دارایی دەزگاکە و دانانی نەخشەکاریی وەبەرهێنان کە تەواوکاریی (کفایە) بەرهەمهێنان مسۆگەر بکات.

10. سەرنجدان لە وەی، کە سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی دەیخاتەڕوو، یان ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی نووسینەوە ئاراستەی دەکرێت، یان لە لایەن کۆمەڵەی گشتییەوە، هەروەها ئەوەی، کە دەخوازێ ئەنجومەنی باڵای رۆژنامەگەری رای خۆی لە سەر بدات.

11. وەرگرتنی بڕیارو رێووشوێن و دەرکردنی لیستی تایبەت بە کاروباری کار و کارمەندانی دەزگاکە بەجۆرێک کە دژی بڕیارەکانی ئەو لیستە نەبێتو ئەنجومەنی باڵای رۆژنامەگەریشی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

## 2. بەرپرسیارێتیی سەرنووسەر:

سەرنووسەر لە سەرووی دەستەی نووسەرانەوەیە و ئەرک و ڕۆڵی گرنگی هەیە لە نێو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەوەش لە رێگەی ئەو ئاراستە رۆژنامەییانەی، کە پێشکەشی کارمەندەکانی دەکات لە هەموو لقەکانی کارکردن و بەرهەمهێنانی دەزگاکە، کە مەرجی سەرکەوتنیان دابینکردنی گیانی هەماهەنگیی تیپێکی کاری یەکگرتووە کە لە کۆتاییدا بەشداری لە گەیاندنی دەزگاکە دەکات لە


کاتی دیاریکراو و وا دەکات بایەخ و پێداویستییەکانی و سەرنج و تێڕامانەکانیان و سەقامگیری لە بەرامبەر دەزگاکەو ململانێکارەکانی دیکەدا مسۆگەر بکات و سەرکەوتن لە کرداری ڕاگەیاندندا بهێنێتەدی.

سەرنووسەر ئەو بزوێنەرەیە، کە ڕۆژنامەنووس لە کەناڵەکەدا دەجووڵێنێت و شانبەشانی ئەوەش بەرپرسیارە لە هەموو بابەتێک کە ڕۆژنامەکەی بڵاوی دەکاتەوە، جا چ هەواڵ بێت، یان توانج، یاخود بابەتی هزری، یان لێکۆڵینەوە بێتو...تاد. بەزۆریش سەرنووسەر نوێنەرایەتی خاوەنی ڕۆژنامەکە دەکات و هەموو بەرپرسیارێتی و ڕێووشوێنەکانی تایبەت بە ڕۆژنامەکە لە ئەستۆ دەگرێت.

**سێیەم . پێکهاتەی ڕێکخستنی کارگێڕی ڕاگەیاندن:**

پەیکەری ڕێکخستنی دامەزراوەی ڕاگەیاندن بریتییە لە قەوارەی تەواوکاری کە لە بەش و رەگەزی تێکچڕژاو پێکهاتووەو پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی لەنێوانیاندا بونیاد دەنێت، بە مەبەستی راپەڕاندنی چالاکیو ئەنجامدانی ئەرکەکان کە لە کۆتاییدا بەرهەمهێنانی دەزگاو کارەکانیو ئامانجەکانی دەهێنێتەدی. دەکرێ جۆرەکانی ڕێکخستنی کارگێڕی بە شێوەیەکی گشتی بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەش بکەین یەکەمیان ڕێکخستنی ناوەندی، یان هەرەمی، لە رووی پلەپلەیی دەسەڵات لە لووتکەی هەرەمەکەوە بۆ بنکەکەی، باشترین بەڵگەش بۆی، ڕێکخستن لە دەزگا سەربازییەکان، ئاشکراشە، کە ئەو جۆرە لە رۆژنامەگەریدا سەرکەوتوو نابێت، کاتێک پیادە دەکرێت. ئەو هۆکارە بنەڕەتییەی، کە ڕێگە لە پیادەکردنی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەگرێت، چڕکردنەوەی دەسەڵاتە لە دەستی یەک کەس، ئەمەش توانای جووڵەی کارمەندانی دیکە لە رۆژنامەکەدا سنووردار دەکات.

وێنەیەک شێوەی ڕێکخستنی هەرەمی دەردەخات:




**چوارەم . سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن:**

لە سەدەی بیست و یەکەمدا دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بوونەتە تۆڕی گەورە لەناو خۆیاندا لە سەر بەرژەوەندی ململانێ دەکەن، هەروەها هەر دامەزراوەیەک لە خودی خۆیدا سیستەمێکی ئالۆزی دەسەڵاتو پێگە و ناوەندگیرییان هەیە، کاتێک ئەوە دەخوێنین، کە لە ناو رۆژنامەیەک، یان وێستگەیەکی رادیۆ، یاخود وێستگەیەکی تەلەفزیۆن روودەدات، هەست بە سەرسووڕمان دەکەین لە ئاستی تێکچڕژاو و ئالۆزی کارەکانی، چونکە لە ناو ئەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندندا رۆژانە، هەر خولەکێک بڕیاری گرنگ و مەترسیدار دەردەکرێت. بە هۆی گرنگی ئەو بڕیارانەش بەرامبەر جەماوەر دەبێ ئەو شێوازە بزانین، کە بڕیارەکانی پێوەردەگیرێت، هەروەها ئەو ناوەند، یان پلەو پایانەی، کە ئەو بڕیارانە جێبەجێ دەکەن، لەگەڵ زانینی سروشتی ڕاگەیاندنکار و ئەو کاروبارانەی، کە کاریگەرییان لە سەر هەڵبژاردنی بابەتی ڕاگەیاندن هەیە و ئەو بەهاو ئاستانەی، کە ڕاگەیاندنکاران باوەڕیان پێیەتی.

هەر بۆیەش سیستەم لە بواری ڕاگەیاندن زۆر گرنگە و ئەو کەسەی لەم بوارەدا کاردەکات پێویستە نەخشەی کاتەکانی رێکبخات و لە ئامادەبوون لە سەر کارەکەی خۆی لە سەر دیسپلین رابێنێت و هیچ ژوانێک (مەوعد) و هەڤپەیڤین یان چاوپێکەوتنێک پشتگوێ نەخات. هەروەها سەبارەت بە تەلەفزیۆنیش هەر وایە، وەک دەبینین بۆ چەندین کاتژمێری دووورودرێژ کاردەکات، بەتایبەتیش کەناڵە ئاسمانییەکان، کە سەرانسەری جیهانیان داگیرکردووەو تیایدا جۆرەها بەرنامەو تایبەتمەندی و پسپۆڕی پێشکەش دەکرێت، کە گەورەترین دەرفەت دەگونجێنێت، چونکە ڕاگەیاندنکاران هەواڵ و زانیاری و ئەو ئاراستانەی مەبەستیانە و ئارەزووی گەیاندنی دەکەن پەخش دەکەن بۆ دەربڕینی هەڵوێستێک، یان ڕووداوێک، بەتایبەتی لە تەلەفزیۆندا کە دەنگ و وێنە و وشەی نووسراو پێکەوە کۆدەکاتەوە.

سیستەمی کارگێڕی بۆ دامەزراوەیی رۆژنامەوانی، قەوارەیەکی بنەڕەتییە، کە لە چەند پێکهاتەیەکی تێکهەلکێش لە نێوان خۆیان پێکهاتووە، کە پەیوەندی ئالوگۆری پێکدەهێنا، بە ئامانجی بە دەستهێنانی چالاکی و هێنانەدی کاری داواکراوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە لە کۆتایی ئەو ئامانجە بێنێتە دی، کە دامەزراوە رۆژنامەوانیەکی بۆ دامەزراوە ئەمەش خۆی لەوە دەبینێتەوە، کە خزمەتێکی ڕاگەیاندنی پێشکەش بکات، کە چاپکراوە بۆ خوێنەر، کە پێداویستییەکانی تێدا بێت لە هەواڵەکان و رۆشنبیری کردن و ئاراستە کردن و لە بەرامبەر خوێنەر نرخیکی گونجاوی بۆ تەرخان دەکات

**پێنجەم. سیستەمی ڕاگەیاندنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن:**

بیرۆکەی سیستەمی نوێی جیهانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن لە رووی مێژووییەوە، خەریکە پێش ساڵی 1976 رووخسارەکانیمان نەیەتە بەرچاو، کە بە چەندین قۆناغی پەرەسەندنی گرنگدا تێپەڕی، تا لە گەڕی یەکەمی کۆنگرەی بیست و یەکەمینی یۆنسکۆ لە ساڵی 1980دا گەیشتە لووتکە.

کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن- وێڕای جیاوازی ئاستەکانی- بەشداربیان لە گەڵاڵەکردنی بیرۆکەکاندا کرد، لە لووتکەی کۆلۆمبۆ (1975) سەرۆکی وڵاتان و حکومەتەکان دووچاری مەودایەکی فراوانی نێوان توانای وڵاتانی بێلایەن و وڵاتانی پێشکەوتوو هاتن، ئەوەش ئەو جیاکاری و جیاوازییە بوو، کە لە رابردووی داگیرکارییەوە بۆیان مابۆوە.

هەر بۆیەش رێکخراوی یونسکۆ لە گفتوگو بوو لەگەڵ سیستەمی جیهانی نوێ بۆ ڕاگەیاندن و پەیوەندی لە کۆتای حەفتایەکان لە سەدەی بیست، کە نەی توانی پەیوەستی بکات نە بیخاتە روو.

ئامانجی بنەڕەتیی سیستەم ڕاگەیاندنی نوێی جیهانی، دووبارە بونیادنانەوەی سیستەمی ڕاگەیاندنە بە پێشدەستیی نوێ کە یارمەتیی وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان دەدات لە هێنانەدیی گۆڕانکاریی گەورەتر لە سیستەمەکانی ڕاگەیاندن و زانیاری و ئابووری و رۆشنبیری و سیاسییەکەی.

(سیستەمی ڕاگەیاندن)یش، کە لە چوارچێوەی تۆڕی ئێزگە، یان کەناڵی تەلەفزیۆنی کار دەکات، چ سیستەمێکی ڕاگەیاندنی لیبرالی، یان دەسەڵاتداری، یاخود سیستەمەکی تێکەڵە بێت، رێژەی ئازادیی رەخساو بۆ ئەو تۆڕە، یان کەناڵە لە سایەی ئەو سیستەمە ڕاگەیاندنەدا هەر چۆنێک بێت.

سیستەمی ڕاگەیاندن بە ئامرازە جۆراوجۆرەکانییەوە یەکێکن لە ئامرازەکانی گەشەپێدان و گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری، هەروەها ئامرازێکیشن بۆ راکێشانی لایەنگیریی جەماوەر بۆ دەسەڵاتی سیاسی. شارەزایان پێیانوایە، کە نیشانەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن دەکرێ بە پێی دوو رەگەزی بنەڕەتی کورت بکرێنەوە، کە بریتین لە:

1. بەراوردکردنی سیستەمی ڕاگەیاندن بە سیستەمەکانی دیکەی وەکو سیستەمی فێرکردنو خێزان، زۆرترینی ئەو کەناڵە بەردەستانەی پەیوەندیکردنن لەنێوان دەستەبژێرو جەماوەری ئاساییو گەیشتن بە فراوانترین کەرتی جەماوەر.

2. زۆرترین نەرم و نیيانی و خێرایی لە وەڵامدانەوەی هەر گۆڕانکارییەکی نوێ لە خۆدەگرێت لە سەرجەم بوارە پەیوەستەکانی ژیانی رۆژانەی هاوڵاتی، بە پێچەوانەی سیستەمەکانی دیکەوە کە پێویستییان بە گۆڕینی زۆرێک لەو کاروبارانە هەیە و پێویستییان بە ماوەیەکی درێژیش هەیە. هەر بۆیەش یاساکانی رێکخستن و دەزگاکانی چاودێریی دامەزراوە سەندیکایی و یاسایی و رەوشتییەکان و وشیاریی کرێکارانی ئەو کەرتە و کۆمەڵگای مەدەنیی کارا، تێکڕای ئەو رەگەزانە تەواوکاری یەکترین بۆ دابینکردنی باشترین کاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. روانگە ڕاگەیاندنەکانیش رۆڵێکی گرنگ لە چاودێریی پێویست لە پێناو پەرەپێدانی (سیستەمی ڕاگەیاندن)

و دیاریکردنی هەر ڕەگەزێک دەگێڕن، کە دەبێتە ڕێگر و کۆسپ لە بەردەم ڕەوتی ئەم سیستەمەدا.

شانۆنی بیرکارو ئەندازیاری کارەبایی لە ساڵی 1941 چووە ریزی تاقیگەی (بێڵ)ەوەو بە شێوازی کۆد لەکاتی شەڕدا نووسینی بەکارهێنا و ئەوەش یارمەتیی کارەکەیدا لە بواری هێما نهێنییەکان لە پەرەپێدانی گریمانەکانی تیۆری بیرکاری لە پەیوەندیکردندا. شانۆن پێشنیاری چوارچێوەیەکی گشتیی بۆ "سیستەمی گشتیی پەیوەندیکردن" کرد. پێیوابوو کە ئەو گرفتەی رووبەڕووی پەیوەندیکردن دەبێتەوە بریتییە لە "گەڕاندنەوەی پەیامێکی بەرهەمهێنراوی هەڵبژێردراو لە خاڵێکی دیکەوە بۆ خاڵێکی دیاریکراو و بەڕێگەیەکی ورد، یان نزیک لێیەوە".

**<u>لە بنەمای سەرەکی و بنەڕەتدا دوو جۆری سەرەکی (سیستەمی ڕاگەیاندن) هەن:</u>**

یەکەمیان (سیستەم دەسەڵاتدار) لە جلەوگیرکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە لایەن دەوڵەتەوە، دووەمیان: (سیستەم ڕاگەیاندنی ئازاد).

شێوەی سیستەمەکانی ڕاگەیاندنیش لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازییان هەیە، ئەوەش بە پێی پیادەکردنی ئەو دوو سیستەمە، کە لەگەڵ هەل و مەرجی هەر وڵاتێک و سروشتی رژێمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەیی و توانست و توانا ئابووری و تەکنیکییەکانیدا دەگونجێت.

(د. فارۆق ئەبو زەید) پێشتر لە کتێبێکدا بە ناوی (سیستەمە ڕۆژنامەوانییەکان لە نیشتیمانی عەرەبیدا) پرسی سیستەمە میدیاییەکانی باسکرد بوو، سیستەمە ڕاگەیاندنەکانی پێشنیار کردبوو لە سەر بنەمای هەبوونی سێ سیستەمی میدیایی :"دەسەلاتداریتی، لیبراڵی، سۆسیالیسیتی ئەمە لە سەر ئاستی سیستەمە میدیاییە نیشتمانییەکان.

## شەشەم. بنەما نوێیەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن:

ڕێسا گشتییەکانی سیستەم نوێی ڕاگەیاندن لە سەر بنەما گەلێکی زۆرو هەمەلایەن بەڕێوەدەچن، بۆ نمونە بنەما سیاسییەکان: ئەو بنەما گشتییانەی دەچنە ناو ئەو چوارچێوەیەوە لە ڕێسای ئازادیی بیروڕاو بڵاوکردنەوەو لێشاوی بەرفراوان و هاوسەنگی زانیارییەکان هەنگا و هەڵدەگرن، لێرەوە ئەوەمان دەست دەکەوێت کە:

1. ئازادی بەڵگە و نیشانەی خۆی هەیە، ئەگەر لە دووتوێیدا گیانی بەرپرسیارێتی هەڵنەگرێت، تاکو نەبێتە کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم ئازادییەک، کە لە خۆی گرنگتر بێت.
2. فرەیی لە ئاستی ئامێرەکانی ڕاگەیاندن، پێویستیی بە ددانپێدانان بە حەتمییەتی فرەیی سەرچاوەی هەواڵەکان و جۆراوجۆربوونی بەرهەمەکان هەیە.
3. سوودوەرگرتنی ئازاد لە سەرچاوەکانی زانیاری و گواستنەوەی هەمان زانیاری و لێکدانەوەو راڤەکردنی ڕووداوەکان و هەروەها مافی دەنگدان، ئەوانە مەرجی بنەڕەتین، نەک تەنها سەبارەت بە پیشەی رۆژنامەنووسی، بەڵکو سەبارەت بە جەماوەر بە کۆگیری لەسەر ئاستی تاکی و بەکۆمەڵیدا.
4. لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن پێویستە بەپێی بنەماکانی رەفتار باشی، کە باسیزگاری لە سەربەخۆی خۆی و سەربەخۆیی وڵاتەکەی بکات و زمانحاڵی بەرگریکردنیش بێت لە مافەکانی مرۆڤ و رووبەڕووی شێوازە توندوتیژی و ڕێکارییە تایبەتییەکان و چەوساندنەوەو دەستدرێژی و ئەو هەڵانە بێت، کە دژی مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدرێن.
5. نابێ ئامرازەکانی پەیوەندیکردن ئامێری زاڵبوون و دەسەڵاتگیری بن، بەڵکو دەبێ رەچاوی بەهاکانی هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکان و مێژووەکەی بکات، هەروەها نابێ پاڵنەرەکانی کێشە و ئەندێشەی ورووژاندن بێت لە پێناو بە دەستهێنانی ئاسان.

## حەوتەم. رەهەندەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن:

چەمکی رەهەندەکانی سیستەم ڕاگەیاندن لە پێنج چەمکەوە هەنگاو هەڵدەهێنێت بەم جۆرەی خوارەوە:

1. **فەلسەفەی ڕاگەیاندن:** ئەو بڕبڕەی پشتەیە، کە سیستەم ڕاگەیاندنی لە سەر راوەستاوەو کۆمەڵێک ڕێسا و بنەمای هزری لە خۆدەگرێت.

2. **سیاسەتەکانی ڕاگەیاندن**: ئەوەش بەرنامە پیادەکارییەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنە.

3. **چوارچێوەی یاسایی**: کە فەلسەفەی ڕاگەیاندن بۆ یاسا گەلێک وەردەگێڕێت، تاکو بڕیار لە سەر کاری دەزگا ڕاگەیاندنەکانی پێ بدرێت.

4. **ژێنگەی بنەڕەتیی پەیوەندیکردن**: ئاستی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و کادیرە مرۆییە رەخساوەکان و توانا مادییەکان و ئەوانیتر دەگرێتەوە.

5. **"کارکردنی ڕاگەیاندن:** بریتی یە لە رەفتاری ئەو دەستەیەی، کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئیش دەکەن".

کارگێری لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان:

کارگێری چییە؟

وشەی کارگێڕی دەگۆڕێت بەپێی مانا و گوزارشت کردنەکەی، واتە کارگێڕی بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی تییایدا دەژین، خزمەتی کۆمەڵگا دەکات و پێداویستی تاکەکانی پڕدەکاتەوە بە بەکارهێنانی دەرامەتە مادی و مرۆییە فەراهەمبووەکان. هەر بۆیە هەتا وەکو ئێستا پێناسەیەکی یەکگرتوو نییە بۆ کارگێڕی چونکە وشەکە زیاتر واتایی و مۆراڵە.

پێناسەی فردریك تایلۆر بۆ کارگێری: ئەنجامدانی کارە بەکەمترین کولفە، بە باشترین شێوە و بەکەمترین کات.

Frederick taylor : دەڵێت: کارگێری بریتییە لە فەلسەفەی شێوازی بیرکردنەوە، کە ڕەنگدانەوەی بە دیاردەکەوێت لەسەر ڕەفتاری کارگێرەکان لە ژیانی پیشەیی و ژیانی ڕۆژانە. واتە کارگێری ئەوەیە کە بە وردی بزانیت چیت دەوێت، دواتر دڵنیا بوونە لەو کارەی تۆ دەتەوێت بەدیبهێنیت بە باشترین ڕێگا و کەمترین تێچوون .

- بەسادەترین شێوە دەتوانین بڵێین کارگێری: بریتییە لە پرۆسەی ئاراستەکردنی توانا مرۆییەکان بۆ جێبەجێکردنی چەند ئامانجێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکدا بە بەرزترین ئاست و لێهاتوویی **(کەفائە)** .

بەڕێوەبردن چییە؟

پێناسەی بەڕێوەبردن.

چەندین زانای بواری کارگێری پێناسەی بەڕێوەبردنیان کردووە، هەریەکە و بە پێی بۆچوونی خۆی، کە هەریەکە یەك واتای هەیە، کە بەڕێوەبردن ئامرازی جێ بەجێ کردنی کارەکانە لەناو دەزگا بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی لە ڕێگەی کارمەندان.

پێناسەی هنری ڤایول بەڕێوەبردن.: بریتیە لە پێشبینی کردن وپلان دانان وڕێخستن وفەرمان دەرکردن و هەماهەنگی کردن وچاودێری کردن.

پێناسەی کۆنتزو ئۆدۆنیل : بەڕێوەبردن بریتیە لە جێ بەجێ کردنی شتەکان لە ڕێگای کەسانی دیکە.

لە کۆی ئەو پێناسانە دەتوانین بڵێین بەڕێوەبردن بریتیە لە سیاسەت. کاررایی، کۆمەڵێك بنەما، ئامڕازی زانستی، دانانی پڕۆگرام وئامانج بۆ ئەوەی کارمەندان ئاراستە بکرێت بۆ جێ بەجێ کردنی کارەکانیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاری کراو بە کورترین کات، بە باشترین شێوە، بەکەمترین تێچوون.

- مەبەست چییە لە کارگێرییەکی کارامە و چالاک کە بە شێوازێکی زانستی ئامانجەکانی لەسەر دارێژرابێت؟

کارگێریەکی چوست و کارامە کلیلی سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەکە، کە پێویستە ئامانجەکانی بەشێوەیەکی ڕوون دیاری بکرێن بۆ سوود وەرگرتن لەو پرۆژەیە، دەبێت سەرچاوەی مرۆیی و دارایی و ماددی و زانیاری لەبەردەست دابێت، چونکە بوونی ئەو سەرچاوانە بەتەنها ناتوانن ئامانجەکانی دام و دەزگا جۆراوجۆرەکان بەدیبهێنێت بەبێ بوونی کارگێرییێکی کارامە و چالاک کە بە شێوازێکی زانستی ئامانجەکانی لەسەر دارێژرابێت. ئەم سەردەمەی کە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین، ناوی لێنراوە سەردەمی کارگێری و بەڕێوەبردنی پرۆژە جۆراوجۆرەکان، بەهۆی ئەوەی پرۆژەکان، بریتین لەو شێوە و شێوازە دەزگاییانەی کە بوونیان هەیە لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان و لە گشت لایەکەوە دەوری مرۆڤیان داوە، کە ناکرێ وا بە ئاسانی خۆمانی لێ بەدوور یان پەراوێزی بکەین. ئەگەر بێین و سەیری گرنگترین شارستانیەکانی کۆمەڵگا کۆنەکان بکەین دەبین هەر شارستانیەتێك بەشێوەیەک پەیرەوی کارگێری کردووە کە جێگای تێڕامانە. بۆنموونە لە شارستانیەتی سۆمەریەکان 5000 ساڵ پێش زایین گرنگیان داوە بە پاراستنی تۆمار و بەڵگەنامە گرنگەکان کە ئەمەش یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی سیستەمی کارگێری و بەڕێوەبردن کە زانستی کارگێری هاوچەرخ گرنگی پێدەدات. وە لە شارستانیەتی یۆنانی کۆن پێش 3500-5000 ساڵ پێش زایین گرنگیان داوە بە زانست و فەلسەفە بە هۆی

ئەوەی کە زانست بریيتیە لە بنەمای پێشکەوتنی کارگێری. وە میسریە کۆنەکان پێش 4000-2000 سال پێش زایین گرنگیان داوە بە بنیات نانی ئەهرامەکانی میسر کە بە شێوازێک دروست کراوە کە فرمانەکانی پلاندانان و ڕێکخستن و چاودێری ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر کارەکانیان، کە ئەم فرمانانەش بریيتین لە ئەرکە سەرەکییەکانی بەرێوەبردن. وە لە شارستانیەتی بابلییە کۆنەکان 2000-1700 سال پێش زایین گرنگیان داوە بە پێوەرەکانی کارکردن و دیاریکردنی دەسەلات و بەرپرسیاریەتی، کە حامورابی هەستابوو بە دیاریکردنی پێوەرەکانی کرێی کارکردنی کرێکارەکان وە تەمەنی کارکردنیان لەگەل کاتەکانی کارکردنی ڕۆژانەیان. وە لە شارستانیەتی چینییە کۆنەکان 200 سال پێش زایین گرنگیان داوە بە ئیستراتیجیەکانی سەربازی و بازرگانی لەگەل گرنگی دان بە ئیستراتیجەتی پارێزگاریکردن لە خاک و وولات "شورەی چینی گەورە" وە پێشخستن و گەشەسەندنی سیستەمی کارکردن. وە شارستانیەتی ڕۆمانیە کۆنەکان 275- 300 سال پێش زایین گرنگیان داوە بە بنەماکانی ڕێکخستن لە بوارەکانی دابەشکردنی کارگێری و بەرێوەبردن، سیستەمی پەیوەندی، و چاودێری لەسەر چالاکیەکان. زاراوەی کارگێری زاراوەیەکی نوێ یە بۆ ئەو کارو چالاکیانەی کە لە کۆنەوە مرۆڤ ئەنجامی داوە، بەهۆی ئەوەی کارگێری تاوەکو ئێستاش کۆمەلێک لە چالاکی مرۆیی لە خۆ دەگرێت و لە گشت کۆمەلگا جۆراوجۆرەکان، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر دابین کردنی پێداویستیەکانی تاکی مرۆڤ لە ڕێگای ڕێکخستن و هەماهەنگی کردن لە سەرچاوە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان کە پشتی پێدەبەسترێت بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بۆ ژیان، وە هەورووەها حکومەتەکانیش ئەم چالاکیانەیان ئەنجامداوە وە ئێستاکەشی لەگەل بێت پەیرەوی کارگێری دەکەن بۆ بەرێوەبردنی کاروو باری وولات و هەولدەدەن بۆ پێشکەشکردنی باشترین جۆری خزمەت و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هاولاتیانیان ئەویش لە ڕێگای بەرزکردنەوەو گەشەپێدانی بوارەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی. ئامانجی کارگێری لە بەرێوەبردن بریيتیە لە بەکارهێنانێکی شیاو بۆ ئەو سەرچاوە جۆراوجۆرانەی وەک سەرچاوە مرۆیی و ماددی و دارایی و ئەو زانیاریانەی کە لە بەردەست دایە بەشێوەیەکی گونجاو و کارامە بە هۆی ئەوەی کە کارگێری سەرکەوتوو هەمیشە

هەول دەدات کەمترین تێچوون بکرێت لە کاتی ئەنجامدانی چالاکیە جۆراوجۆرەکانی لەگەڵ هەول دان بۆ ڕوونەدانی کێشە و گیروگرفت وە زۆرترین توانایی و کارامەیی بە کارهێنرێت بۆ بەکارخستنی ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستدان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە هەولی بۆدەدات. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێین کە کارگێری بریتیە لە زانستێک کە چەندین بنەما و یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، وە زانستێکی نوێ یە کە سەرهەلدانی دەگەرێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم. وە بە یەکێک لەو زانستە سەرەکیانە دادەنرێت کە زۆرێک لە گەلان و وولاتان پشتیان پێ ی بەستووە بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێش چوون وە باشتر کردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان.

زانستی گارگێری چییە؟

زانستی کارگێڕی ئەو رێگایانەیە، کە بەهۆیەوە دەتوانین زانیارییەکان و پێشبینیە ئابوورییەکان (یاخود بوارەکانی دیکە) بەدەست بهێنین لەکارەکان و گەیشتن بە هەندێک ئەنجام، کە بە رێگەکانی دیکە نەتواندراوە پێی بگەین وەک بەکارهێنانی ئامارەکان و شیکردنەوە داتاکان و چەند رێگەیەکی دیکە .

جگە لەم پێناسەیە زانستی کارگێڕی چەند پێناسەیەکی دیکەشی هەیە :

زانستی کارگێڕی ئەو پڕۆسە عەقڵانیەیە کە لە رێگەی ئەمەوە چەند بڕیارێکی گرنگ دەدرێت ، ئەمەش بە پشت بەستن بە تەکنیکە کارگێڕییەکان و سەرنجدان لەسەر بەکارهێنانی شێوازی رێکخستن و بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری کارگێڕی و بەکارهێنانی رێگەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و هەروەها بەستنەوەی سیستەمی فێرکردن بە هەموو سیستەمەکانی دیکە وەک ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری، بۆ دروست کردنی مرۆڤی بەرهەم هێنەری زیاتر و چالاکترو توانای زیاتری گەشەسەندن .

هەروەها زانستی کارگێڕی : بریتیە لە پڕۆگرام و رێگەی گونجاو بۆ بڕیاردانی کارگێڕی لەسەر بنەمای زانستی و پابەند بە پڕۆگرامێک کە پشت بە شیکردنەوەی جۆری دەبەستێت .

- بنەماکانی زانستی کارگێڕی بە کورتی بریتیە لە :

1- جێبەجێکردنی تەکنیکی زانستی بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتەکان، کە سیستەمەکان پەیڕەوی دەکەن بەمەبەستی کۆنترۆل کردنی بارودۆخەکە .

2 - جێ بەجێ کردنی پرۆگرامی زانستی بە ئامانجی دیراسەکردنی سەرجەم پرۆسەکان کە لە نێو دامەزراوە گەورەکان ئەنجام دەدرێت .

3- جێبەجێکردنی زانستیە بۆ شیکردنەوە و چارەسەرکردنی سەرجەم گرفتە پەیوەندیدارەکان بە بڕیاری کارگێڕی .